إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة والمواد البشرية
قسم الادارة

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و سەرچاوەمرۆییەکان
بەشی کارگێری

ژمارە : ١٨٦٦٧
NO :
ڕێکەوت : ٦ / ٤ / ٢٧٢١ کوردی
DATE: ٦-٤-٢٠٢١

## بەیانی ژمارە (١٦ ) ی ساڵی ٢٠٢١

### پشکنینی تانکی غازی شل LPG

ئاماژە بە ڕێنماییمان تایبەت بە بەکارهێنان و سیستەمی غازی شل LPG ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە ژمارە ٢٤٨ لە ٢٠٢٠/٣/١ لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ .بڕیارماندا بە: **دەرچواندنی ئەم بەیانە**

**یەکەم :** وەرگرتنی کرێی پشکنین (اجور الکشف) بەرامبەر بە پشکنینی تانکی غازی شل **LPG** لەلایەن لیژنەکانی پشکنینی پەیمانگەی بەرگری شارستانی بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی ستانداردە جیهانییەکان بۆ دروستکردنی تانکی غازی شل **LPG** و مەرجەکانی سەلامەتی گشتی بەپێی ئەم بڕە پارانەی کە لەخوارەوە دیاری کراوە:

| ژ | قەبارە بە لیتر | بڕی کرێی پشکنین بە ژمارە (بەدینار) | بڕی کرێی پشکنین بەنووسین (بەدینار) |
|---|---|---|---|
| ١ | ١٠٠٠ کەمتر | ١٥٠٠٠ | پازدە هەزار |
| ٢ | ١٠٠١ تا ٤٠٠٠ | ٢٠٠٠٠ | بیست هەزار |
| ٣ | ٤٠٠١ تا ٨٠٠٠ | ٣٠٠٠٠ | سی هەزار |
| ٤ | ٨٠٠١ تا ١٥٠٠٠ | ٥٠٠٠٠ | پەنجا هەزار |
| ٩ | ١٥٠٠١ تا ٢٥٠٠٠ | ٧٥٠٠٠ | حەفتاو پێنج هەزار |
| ٦ | ٢٥٠٠١ تا ٥٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | سەد هەزار |
| ٧ | ٥٠٠٠١ تا ٢٠٠٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠ | دووسەد هەزار |
| ٨ | ١٠٠٠٠١ تا ١٥٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠٠ | سێ سەد هەزار |
| ٩ | ١٥٠٠٠١ بەرەوە سەرەوە | ٥٠٠٠٠٠ | پێنج سەد هەزار |

**دووەم :** بڕە پارەی وەرگیراو بەپێی خشتەی سەرەوە دەخرێتە سەر ئەژماری بانکی ژمارە (٤٢٧/بانکی دێدەوان) تایبەت بە کۆمپانیا ئەمنییەکان و ڕێگاپێدان.

**سێیەم :** تەرخانکردنی ڕێژەی (٣٠%) لە داهاتی وەرگیراو بەپێی خشتەی سەرەوە وەکو پاداشت بۆ لیژنەکانی پشکنین و بەفەرمانی بەڕێز وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت.

**چوارەم :** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە .

ڕێبەر ئەحمەد
وەزیری ناوخۆ

وێنەیەک بۆ :
- وەزارەتی داد/ ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە لەگەڵ ڕێزدا

- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب.گ.ژمێریاری / بۆزانین لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بۆ زانین لەگەڵ رێزدا
- پەیمانگەی بەرگری شارستانی/ بۆ کاری پێویست/لەگەڵ رێزدا
- ژمێریاری
- کۆمپانیا ئەمنییەکان و ریگا پێدان/ بۆ کاری پێویست
- پلاندانان .
- یاسایی
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون
- خولاو.